حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٤٧) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. لێخۆشبوون لە قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر هاووڵاتییان بە سوودی دواکەوتنەوە بە ڕێژەی (٢٠٪) لەسەدا بیست لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و کرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، هەروەها ڕسووماتی پیشەیی و هەڵواسینی تابلۆ و لەگەڵ هەموو ڕسووماتەکانی گەشتوگوزار تا ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٢. داشکاندنی ڕێژەی (٢٠٪) لەسەدا بیست لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و کرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، هەروەها ڕسووماتی پیشەیی و هەڵواسینی تابلۆ و لەگەڵ هەموو ڕسووماتەکانی گەشتوگوزار تا ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

٤. ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**